# من دەنگ بە کورد دەدەم ئەحمەد دەشتی

ماوەیەکی زۆرە کە پرو پاگەندەیەکی زۆر دەکرێت بۆ دەنگ نەدان و بەشدار نەبوون لەو پرۆسە دیموکراتیەی کە ئەمڕۆ لەعێراق بڕیاری لە سەر دراوە کە پەرلەمانی عێراقی هەلبژێردرێت و هەموو مرۆڤێکی کوردستانی و عێراقی مافی دەنگ دانیان هەیە کە نوێنەرانی خۆیان بۆ ئەندامیەتی پەرلەمانی عێراقی هەلبژێرن و خەلکی کوردستانیش دەنگ بۆ پەرلەمانی کوردستانیش بدەن،شتێکی ڕوونیشە کە هەولێکی زۆر هەیە و هەڕو گیفێکی زۆریش دەکرێت بۆ سەر نەکەوتنی ئەم پڕۆسەی دیموکراتیەت وسەر نەکەوتنی هەڵبژاردن ئەمەش دیارە کە لەلایەن کە لە لایەن چە کەسانێکە پشتوانی لە سەر نەکەوتنی پرۆسەی هەلبژاردن دەکرێت و کێن ئەوانەی کە بە کوشتن بڕینهەڕەشەیەکی زۆر دژ بە هەڵبژاردن دەکەن و بۆ سەرنەکەوتنی هەلبژاردن وا پەلاماری بنکەکانی هەلبژاردن لە هەر شوێنێ کە بۆیان بکرێت دەدەن و دەدرێت و بە هەموو هێزێکەوە دوژمنانی کورد و عێراق نایانەوێ کە ئەم کارە سەر بگرێت و سبەینێ لە پەرلەمانێکی هەڵبژێردراودا دان بە فیدرالیەت بندرێ و لە ناو دەستورێکی هەمیشەیی دا بچەسوێت و بگونجێت،کە کوردیش هەتا ئەمڕۆ داوای چەسپاندنی فیدرالی بۆ کوردستان دەکات و پێی وایە کە کاتی جیا بونەوە هێشتان نەهاتوە، هەرچەند کە هەتا ئەمڕۆش زۆربەی زۆری عارەبەکان دانیان بە فیدرالیش لە عێراکی دیموکراتی نەناوەو هەموو شۆڤێنیە عارەبەکان هەروەک کە دوێنێ دژ بە کورد بوون و ئەمڕۆ و سبەش هەر ئاوان و گەر بۆیان بکرێت هەرگیز لێ ناگەڕێن کە ڕۆژێ لە ڕۆژان گەلی کورد ئاسودەبێت و لە سەر خاکی خۆی دا بە مافەکانی خۆی شاد ببێ و کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ هەرگیز بێتە کایەوەو هەتا بتوانن هەر دوژمنایەتی گەلی کورد دەکەن.

ئەمڕۆ کە لە عێراق دا هەلێکی لە بار بۆ کورد هەلکەوتوەو دەتوانم بلێم کە گەلی کورد لە گەل ئەو گرفت و تەعریب و هێرشی ناڕەوای دوژمنانی گەلی کوردیش دا لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانی گەورەو

له هەموو لایەکەوە دەستیان خستۆتە ناو کارو باری کوردستان و تەواوی عێراق و  لە هەموو دژایەتی کردنێک دژ بە گەلی کورد بەتایبەتی و گەلی عێراق بە تێکڕایی نەپەنگاینەوە و هەرگیز ناشپەنگێنەوە ، ئەمەش تەنیا بۆ سەر نەکەوتنی ئەم هەلەی ئەمڕۆکەیە کە لە ئارا دایەو  ئەم هەموو دەست تێ وەردان و پڕو پاگەندەو دژایەتی کورد دەکەن و دەیانەوێ کە هەمیشە عێراقێکی پڕ لە ئاژاوەو کوشتن و بڕین و سەر لێ شێواوی لە ئارا دابێ و هەمیشە گەلی کوردیش ژێر چەپۆک بێت و خاکی لێ وێران و دیسان  توشی نەهامەتی و ماڵ وێرانی ێ ئاوارەیی و ڕەتاندن ببێ و خەلکی کوردستان و عێراقیش هەرگیز ئارام نەبێت و گەلی کورد دیسان توش بە کوشتن و بڕین و خاپور کردنی کوردستان بێننەوەو خۆیان لە سەنگەری دوژمنایەتی کردن دا لەگەل هەموو نەیارانی کورد مات داوە و دەستیان لە گەل هەموو ناحەزێکی گەلی کورد دا تێکەڵ کردوو ەو وازیش ناهێنن و هەموو هەولێکیان ئەمڕۆکە بۆ سەر نەکەوتنی هەڵبژاردنەکانە لە عێراق و کوردستان دا ، جا  بۆیەکە من پێم وایە کە دەنگی خۆم دژ بەو دوژمنانەدەدەم بە گەلی کوردو بەس،دژ بەو نەیارانەی کە هەولی تێک شکاندن و سەر نەکەوتنی دیموکراتیەت و هەڵبژاردنەکان دەدەن بە تایبەتی شۆڤێنیە عارەبەکان و هەموو نەیارانی کورد ، کە پێم وایە بۆ زیاتر بوونی دەنگێکی کورد دەنگی هەر کوردێک دەبێ دەنگی خۆی بدات بە کوردو کوردستان،من دەنگ بۆ کورد دەدەم و ئەو دەنگەشم بۆ کوردستانە نەک بۆ عێراق کە گەلێ کەس ئاوا بیر دەکاتەوەو پێی وایە بۆ عێراقە، پێشم وایە کەکارێکی زۆر باشە هەموو کوردێ گەر وەک منیش دژ بە عێراق و عێراق چیاتیش بێت بەرەو سندوقی هەلبژاردن بڕوات و دەنگی خۆی بە کوردو کودستان بدات و ئەوەش باش بزانێت کە ئەمڕۆ ڕۆژی دانوساندن و ڕۆژی دیبلۆماسی و ژیری گەلی کوردە کە زانایانە تا بۆی بلوێت بەرەو پیری ئاشتی و ئاسایش و دانوساندنەکان بڕوات و کارێک نەکات کە خۆی بخاتە لایەنی هەموو ئەوانەی کە دژ بە پرۆسەی هەلبژاردن و دیموکراتیەت و ئاشتین،بلێین و نەڵێین بە شدار نەکردنی گەلی کورد و دەنگ نەدانی بە

لیستی هاوپەمانی کوردو کوردستان واتە لایەنگریەتی لە هەموو ئەوانەیە کە ئەو ماڵ ویرانی و کارەسات و کوشت و کوشتاریان بە سەر خاکی کوردستان هێناوە،هەروەها لە دەست دانی ئەو دۆست و هۆکارانەیە کە سەدامی دڕندەو دکتاتۆریان لە بەرۆکی کوردستان و هەموو عێراق کردەوەو،دەنگ نەدانی کورد واتە دژایەتی ئەمەریکاو هاوپەیمانان و لایەنگری کردن لە شۆڤێنیەتی عارەبەکان و تورک و هەموو ئەوانەی کە نایانەوێ هەرگیز عێراق و کوردستان ئاسودە و ئارام ببێ،من کە دەنگ دەدەم تەنیا بۆ کوردستانی دەدەم و دەنگی تاکە کەسێک کاری گەریەتی خۆی دەبێت و بە سودی گەلی کوردە، ڕۆژێکیش دیت منیش بڕیاری چارەنوسی خۆم بدەم و هەموو زەمینەکان لە بار بێت بۆ کوردستان و ئەوسا داوای وەڵاتێکی سەر بەخۆیی کوردستان خۆم دەکەم کە پێشم وایە دەبێ ئەو ڕۆژەش هەر بێتە کایەوەو گەلی کوردیش وەک تەواوی گەلانی جیهان خاوەنی خاک و ئاڵاو سنوری کوردستانی خۆی بێت و بۆ هەتا هەتایە داگیرکەرانی کوردستان دەستیان بە بڕێت و لە ناو بچن و کە ئەو ڕژەس هەر دێت گە کورد یەکگرتو بێت:

## ئالای کورد

بـــــرا لە مێــــــژە من دڵ بەژانم
پــڕ زام و برین چـــــاو بە گریانم
خاکم لەت لەت و داگــــیرکــراوە
نەیار خەنجەری لە ســـینەم داوە
وێل و ئـــــاوارە و دەربەدەر کراوم
لانە خـــاپوور و هەربێ بەش ماوم
داگیرکەرانی دەییـــوس و تـەرەس
لەمنی کـــوردە بڕیـــویان نەفـەس
ســـالەهای ســـالە خوێنم دەڕێژن
زۆر دڕندانە لاشــــەم دەنــــێژن
کـــوردی کلۆل و بێ مـــاف ونەزان
خۆشی هـــۆکارە بۆ ژینی هەرزان
خانی زوگوتی کــــورد یەکگر نەبوو

نەزانی کوردان هۆکارێکم بوو
بۆیە ئێمەی کورد هەروا ماینەوە
لە چنگ دوژمنان وا ڕزاینەوە
هەتاکو زاناو هوشیارتر نەبین
هەروا ئەسیرو پەرێشان دەبین
بەناوی دین و قورئان و ئەنفال
هاتن کوشتمیان بردیان بیرو ماڵ
چونکە مندینوهەستوبیری خۆم
قەت بەکار نەبرد بۆ هەواری خۆم
بۆیە ئەسیرو هەر ژێر دەستەمام
ئێستاش بێکیان وبێ مافیژین مام
گەرمنیش دینوهەستوزهنی خۆم
دانێم لە ڕێگەی واری جوانی خۆم
داگیرکەرلەسەرخاکمان گیرنابێ
کوردیش ڕزگارو سەربەخۆ دەبێ
عارەبنکارنخاکمانتەعریب کەن
کەرکوکی دڵم ئاوا زەلیل کەن
ئەگەر بۆ یەکتر پشت و پەنابین
لەژێر دەستان دا وا ڕەزیل نابین
کورد هۆرەی داری ئازادی نەبێ
بەرزەبێ ئاڵاو ژینمان شاد دەبێ
تازیی وتورکوعەجەم قاو دەدین
ئەسپی هونەروزانست تاو دەدەێن
کوردستانیجوانسەربەخۆدەبێ
ئاڵای کورد هەردەم شەکاوە دەبێ
دەساکوردینەدەست لەملی یەکبین
دژبەدوژمنانگشت پێشمەرگە بین
تف کەێنلە چارەی خائین و زۆردار
یەکبگرین هەتا ڕزگارکەین هەوار

*

هەولێر 1992